# ڕێگەیەک خۆی لێ دا وەستانێک پێچی کردەوە

گوڵاڵە عوسمان
(سلێمانی)



لەلای چەپی خۆم وەستاوم،
ئاسوودەم، کەچی بۆشاییییەک،
دە م ش ک ێ ن ێ ت.
دەبێ بە ئاژاوە لە سەرما،
من کــوا بێ ئاژاوەبووم؟
دەست لە تەنیایی ڕادەگرم،
تۆ دەموەستێنی،
دەبم بە تەواوکەری کاری ناتەواو
لەم ڕستەدا.
دڵێکم دەیوت:
بوەستە من ڕقم لە هەنگاوی بچووکە!
دڵێکی ترم دەیوت: ئەم هیوایە لێژە
هیچی پێوەناوەستێ چجای تۆ!
دڵە بچووکەکەشم دەیوت:
بڕێک ڕۆیشتن کۆکەرەوە
نەکا ژوورەکەت هێندە بچووک بێتەوە
جێگەی چاویلکەکەتی تیانەبێتەوە.
لە بەردەم ئاوێنەکەدام،
خۆم نابیستم،
دەوەستم گەرەکمە تێبگەم
من لە بۆشایی گەردووندام،
یان گەردوون لە بۆشایی مندایە!
ئێستا هەموو شتێک باشە،
خراپەیەک نەبێت ناوم دێنێت،
باشە تۆ ناوی منیت؟
سەوزم لەسەر کانڤاسێک،
بە دیوارەکەی بەرانبەرتەوە،
بڕێک جار پۆدکاستێکم لەسەر ڕۆیشتن،

برێکیش پۆرترێتێکم خەیاڵت دەمکێشێ،
نیگارکێشەکە دەیگوت:
جووڵە هاوپێچی وەستان دەکەم،
بە چەشنێک هەموو شتێک لە ناویدا دەنگی بێت،
دەنگی تابلۆکان زۆر خۆشن
لە ناخۆشییەکانی ئێمەدا،
ئەم فیگەرەم بەدڵە.
ناوەستم دەمەوێ ڕێگەکە بەتەنیا ببرم،
دەڵێن: گەر دەتەوێ زوو بگەی! بەتەنیا برۆ.
ناوەستم تا پارچە وردەکانم کۆدەکەمەوە،
پڕیان دەکەم لە بەڵێنی منداڵانە،
ئاخر من وەستانم نارێکە، نارێکییەکی باش!
کە هەموو ڕێکییەکانم دەشێوێنێ.
هەڵهاتنم ناوەستێ، گوللەیەک دەنێم بە
تەنیاییمەوە!
لە تۆ دێمە دەرێ، دەبم بە گۆرانیبێژ،
دنیا تەڵخە، تۆ وەرە ناو تەنیاییم با کەس
نەتبینێ.
تۆ ڕاستت کرد وەستان ئازاری زۆرە،
ئازاریش وەستانی نییە خۆ!
ئەوەتام لەسەر ڕاستەهێڵێکم،
تۆش لەسەر هێڵێکی چەماوەدایت،
سەر بە هەمان کۆمەڵەین!
کەچی! بەڵام! نازانم! بۆ لەیەک ناگەین..... بـۆ.

شانۆکارەکە دێ و دەچێ،
دەنووشتێتەوە،
لەپڕێکدا دەوەستێ:
وێنەی سێبەرێکی زەرد دەگرێ!
دادەنەوێ:
دێڕێک لەناو چاڵێکدا دەردەهێنێ!
دەستەکانی بەرزدەکاتەوە:
بزمارێک بە بۆشاییدا دادەکوتێ!
ڕاست دەبێتەوە:
تابلۆیەک بە دیواری بارانەوە هەڵدەواسێ!
بە پشتدا دەڕوات..... دەڕوات.....دەڕوات،
بە خێرایی چەند جارێک تیرەی شانۆکە دەبڕێ،
هەستیارە، گرژە، ساکانی هەیە!
لەپڕ چەناگەی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی
کە لە باوەشی گرتوون،
چەند ڕوخسارێک دەگۆڕێ!
بە دڵی پڕەوە، چاوەکانی پێدەکەنن
وەک ئەوەی بڵێ: ڕێگەیەک خۆی لێ دا
وەستانێک پێچی کردەوە.

لەناو سەری بێدەنگیدام،
وەستانێک ڕامدەکێشێ،
بەڵام کێشی جووڵەم نییە،
دوایین هەناسەکانم لەسەر مێزی خوێندنەوەکە جێ
دێڵم،
ئەوەی بەردەبێتەوە ڕۆحمە
لە کوێدا ببینرێم لەوێم،
من هەر ئەوەندەم بە دڵی خۆشم نیم،
تازە وا کێشراوم.
ئێوە کێ بوون تا منتان هەبم.
دڵم لەبەر دەرگەی ژوورەکەت جێ دەهێڵم و
دەڕۆم،
خۆم دادەخەم، تۆ مەکرێوە! با دوودڵ نەبم،
ئێستا دەنگی وەستانم دەگاتە ئەوپەڕی دنیا،
کەچی ماوم، نەمانی من چی دەگۆڕێ؟ هیییییچ!
مامۆستاکەم دەیوت: لە هەموو شتێ زۆرترە.....
هیچ.
دەرگەکە بە واڵایی جێدێڵم!
با دوایین کەس بڕوات! دەمێنمەوە
تا دابەش نەبم، ئاخر من کەسێکی بەنەخشەم!

هەناسەکانم دیوار دەبڕن،
لێرە بێدەنگییەک دەمبینێ!
بۆنی مێخەکبەندەکەی دایکمماڵەکەی گرتووە،
پەنجەرەکە دەکەمەوە هەواکەی وشکە،
ساردە، خێرایە، سنگ دەگرێ!
باشترە ببمە کۆترباز!
ئەگەر فێرنەبم دڵ چییە؟
بەم بەیانییە ئەو هەستە خۆی پیاکێشام،
چی بکەم.
لە وەستان دەوەستم، ڕێگەکە پێم نازانێ
لەتێک سێبەر و یەک ڕووناکی،
نیگایەکی وشک و ژیانێکی بۆش،
تفم دەکەنەوە باکم نییە!
ئێستا کۆدەبمەوە، بەڵێن بە ڕۆیشتن دەدەم،
بە وەستانیش، لە جێی خۆم بم و نەشبم.
چی بکەم من هەندێ جار شووشەیەکی بەتاڵم،
نونی (ن) چاوگێکم (کەوتن)،
هەندێکیش ئەو بەردەم دەیگرنە ڕیشۆڵەیەک،
لێرەولەوێ چەند هەندێکی دیکەم هەن،
خۆم باریک دەکەمەوە تا نەبینرێم، نەزانرێم!
هەرهێندەم سازشم نییە، لایەکم نییە، ئەولاکەشم!
ڕووناکم دیوارەکانم کاغەزین، پێڵاوەکانم لە
پووشن،
پەیڤەکانم ڕووتن، کاتەکانم خاون، حەسرەتەکانم
تیژن،
هیچم ناوێ، کەچی ناحەسێمەوە ناااااا.
ئێستا لە بەردەم تۆدا وەستاوم،
بیری تۆ و چاوەکانی من دووووڕن دوووور،
دەزانم وشەکانی تۆ و ئارامیی من یەک ناگرنەوە
نـــا!
تەنها دەرگیری ئەوەم لەوێدا دەست پێ نەکەینەوە
کە وەستابووین..